Evro
An Independent Newspapot
Issued In Duhok
ئەڤرۆ Evro
رۆژنامەیەکا سەربەخۆ یا گشتییە، حەفتیانە ل دهۆکێ دەردکەڤیت

# پێنج سال دوای روخانی بتەکەی مەیدانی فیردەوس . . عێراق بەرە کوێ ؟



**دوای پێنج سال تێپەرین بەسەر پروسەی ئازادی عیراق کە دواتر نازناوی داگیرکردنی پێ بەخشترا ئەگەرچی چاوە رێدەکرا سالروژی ئەو پروسێسە جیوازتر لە و باردوخە و گێژاوەی ئێستای ئەو وەلاتە تێیکەوتووە یادبکرێتەوە. بەلام قەوتبوونەوەی چەند کردیەکی خوکوژی لەبەغدا وموسل لە دو مانگی رابردوو پێکدادانەکانی ئەو دوایی یەی نێوان سوپای مەهدی سەربەبالی موقتەدا سەدر و سوپای حکۆمەت لە ناوەراستی وباشوری وەلات هەر زوو تەواوی سیناریوکەیان پێچەوانە کردەوە و ئەو پەیامەشیان ئاراستەی ئیدارەی واشنتون کر کە دەکرێ زیادکردنی هێزی سەربازی ئەگەرچی بو ماوەیەکی کاتیش بێت سەقامگێری و تەناهی بو ئەو وەلاتە بهێتەکایەوە بەلام هەر گیز دلنیای ئەوە کە کەشتی سەقامگیری راستە رێ بکا و لەنگر پکرێ نابە خشێ. یان بەدێوکی دیکە دەبێ ئیدارەی بوش درک بەوراستیە بکات کە گرفت و گیژەلووکەیەکی سیاسی مەحالە بە ستراتیژو چارەسەری عەسکەرتاری چارە بکرێ.**

**جاسم قاسم ***



راستە عیراقێ لەو ماوانەی دوای تایبەت شەش حەوت مانگی رابردوو هەست بەجورێک لەهیربونەوی باردوخەکە دەکرا وتەنانەت کار گەیشتە پەیدابوونی دەنگوی گەرانەوەی ئەو هزاران ئاوارە عیراقیانەی دوای پروسەوە بەهوی توند وتوبژی تایفی و کردە تیرورستیەکان روویان لە سەرسنورەکان و وەلاتانی ئەردەن و سوریا کر دبوو، بەلام ئەو کەمە هێر بوونەوەیە کاتیەکە هاوکات بوو لەگەل قولبونەوەی گێژاوی سیاسی نێوان کوتلەسیاسیە پێک ناکوکەکانی وەلات لەلایەک و پاشە کشێ و لاوازی حکۆمەتی مالکی لە هێزی ئەو بەلینانەی بە عێراقیەکانی دابوون نەک هەر نەبووە هوکاری دلنیای بەخشین بە هاولاتیان بەلکە هەموو دەم بارەکەیان زیاتر بو تەقاندنەوە ئامادەتر بە گورتر دەکرد. لەوەش بەو لاتر. راستە واشنتون چەند پێنگاوێکی هاوێشت بو بەرقەرارکردنی سەقامگێری و وتەناهی بو عیراق و راستکردنەوەی ئەو هەلە وکەم وکورتیانەی کەلەو وەلاتانەئەنجامی دابوون و عیراقیان بەو رۆژە خوێیناویە گەیاند. بەلام هەموو ئەمانە نەبونە مایەی سرینەوەی ماکی هەلّە زەوە و خەتەرناکەکانی سیاسەتەکەی کە لە سەر روبەندی هاتنی بو عیراق ئەنجامی دابوون. جگە لەمەش راستیەکی دیکەیە ئەویش ئەوە یە کە راستە ئیرادەی کوشکی سپی درکی بەچەند هەلّەیەکی وەک هەلوە شانەوەی سوپای عیراقی سەردەمی رژێمی بەعس و دەرکردنی یاسای ریشە کیشکردنی بەعس بەرو بەفراوانیەی کە هزاران هاولاتی دەگرێنەو وە و نەبونی پلان و ستراتیژیکی پێشوەختە بو ئاوادانکردنەوە و بنیادنانەوەی عیراق و ژێرخانی ئابوری ئەو وولاتە و فەراموشکردنی سنوورەکانی وەلات وکراوەییان بەرووی ئوتومبیل و خوکوژە بیانیە بو مبرێژکراوەکان کردوون کە وەلاتانی دەوروبەرەوە رەوانەی بازار و شوێنە هەستیارەکانی عیراق دەکران بو تەقاندنەوەی، بەلام ئەو هەلە و کە موکورتییە کوشندانە گەورەتر وقەبەتر بوون بتوانی ئاوا بەزووریی راستکرێنەوە.

بویەش رەنگە لایەنی مەترسیداری میراتییەکەی جورج بوش لە عیراقدا بریتیبێت لە موتوربە کردنی هەستی نەتەوەی توندرەو ودەمارگیری دینی. ئەو موتوربە یە لێشاویکی لەکەسانێک خولقاندوە کە خویان دەهاوێتە ئامێزی مەرگەوە، ئەمەش لەو کاتەی پاساوی بوش و ئیدارەکەی بریتیبوون لە موتوربەکردنی دیموکراسیەت و ئازادی تاک لە عیراقا دا لێ بێ درککردنی بەو راستیەی کە دەبێ دیموکراسیەت لەهەناو گەشەبکا و نەش ونما بکات نەک بەبریارێک بەسەر ئەوە کۆمەلگایە بسەپێنرێ، چ جای وەلاتێکی کە لە هەزە لەوە نوقمی گێژاووسیتەمی توتالیتاری تاکەرابووە و مێشکی هاولاتیانی بەوسیستەمە ئاودراوە. لەو لاتریشەوە لاوازی حکۆمەتەکەی مالیکی لە هەنبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاوو کارەبا وسوتەمەنی بو خەلک و روو بەرۆژ متمانەی گەلانی عیراقی بەوحکۆمەتە رەوەو لاوازی ونەمان دەبرد لەلایەک و لاوازی لە ئاستی رووبەروبونەوەی پێشهاتە سیاسە چاوەروانکراوەکان و نەبوونێ ئەجندایەکی سیاسانە بو چارەسەریان وشکستی حکۆمەت لە قەناعەت پێکردنی لایەنە سونەکان بو گەرانەوەیان بو نێو حکۆمەت و پروسەی سیاسی وەلات کەلە سەرەتای سالی رابردووەوە لێ ی کێشابونەوە، هەروەها قوولبونەوەی ناکوکی و درزی نێوان کوتلە شیعیەکان لە باشور کە تا رادەی خوێن رژان رویشت وەک ئەوەی دوو هەفتە لەمە وبەر لە بەسراو و چەند شارێکی دیکە دیمان، هەموو ئەمانە فاکتەری سەرەکی کەمکردنەوەی پێگە و هەرژموونی مالیکی و حکۆمەتەکەی

بوون به ئەندازەیە کی ئاوا کە تەنیا لەبازنە داخراوەکەی گرین زون جێ ی ببێتەوە کە لەسەر نەخشەی عیراق بەقەد فلسێکە! بەهەر حال نوکە خەلکی عیراق نوقمی گێژاوێکی خەتەرناکی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی بوونە. هەروەک ئەو راستیەش دەزانن کە نە مالیکی ئەوە جادو گەرەیە تا بەدارعەساکەی دەستی بەچاوتروکانێک دەربازییان بکات و نە حکۆمەتە کەیشی ئەو فریاد رەسەنیە تالە گێژاوەکان قورتاریانکا. قوولبونەوەی گێژاوە کەش رۆژ بە رۆژ ئایندەی عیراقێ نادیارتر کردووە.

هەژموونی ئەو وەلاتانا نەیش کە دەکارن تەسفیەی حیساباتە سیاسەکانیان لە گەل واشنتون ل سەر خاکی عیراق و لە حیسابی گەلانی ئەو وولاتانە یەکلا بکەنەوە سعات بە سعات بە هێزتر دەبێ شەری خوێناوی دوو حەفتە لەمەو بەری نێوان سوپای حکۆمەت و میلیشیای مەهدی دوایین بەرهەمی ئەو گەمە سیاسی و یەکلاکردنەوەی تەسفیە حیساباتە بوو کەلە بەسرا و وچەند شارێکی دیکە بینیمان کاتێ هاولاتیان باجەکەیان دا. هەموو ئەمانەش دەرهاوێشتە و هەلقولاوی هەلە و کەموکورتیە کوشندە وگەمە سیاسیەکانی ئیدارەی بوش لە لایەک ولاوازی وبێ هێزی حکومەتەکەی مالیکی وبەرژەوەندخوازی کوتلە سیاسیەکانن کە هەر یەک لەو کوتلانە دەیهەوێ ئاراستەکانی لە فەلەکی ویدا بسورێنەوە لە لایەکی دیکەوە.

**بەرێوەبەری نووسینی گوڤاری نەوە. کەرکوک**